**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**

**ژمارە : ١٢٣٦٢ لە ٢٠٢١/١١/٢٨**

پاڵپشت بە ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (٧) ساڵی ٢٠٢١ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی کە لە سنووری شارەوانیەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی تایبەت بەجێبەجێ کردنی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەویانەی لە سنوری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ هەموارکراو**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: یاسا**: یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٩ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١.

**دووەم: زێدەڕۆکار**: بۆ ئەو کەسەیە کە بە زێدەڕۆیی خانوویەکی نیشتەجێی دروستکردووە یان تێیدا نیشتەجێیە یان میراتگرە شەرعیەکانی یان ئەوانەی بە حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردنیان ڕاسپێردراوە.

**سێیەم: سوودمەند**: ئەو کەسەیە کە لەدوای ساڵی ١٩٩١ زەوی یان یەکەی نیشتەجێ بوونی بەهەر هۆکارێك وەرگرتبێت جگە لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** هەر خانوویەکی نیشتەجێ کە بە زێدەڕۆیی دروستکرابێت لە سنووری شارەوانییەکان پێش ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٣١ بۆ زێدەڕۆکار بە خاوەن دەکرێت کە لەسەر موڵکی دەوڵەتە جا چ موڵکی تەواو بێت یان مافی ڕەفتارکردنی لەسەر بێت.

**دووەم:** ئەو زێدەڕۆییانەی کە لەناو سنووری ڕێپێدراوی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون یاخود لە دەرەوەی سنووری ڕێپێدراو کراوە لەلایەن کەسانی سروشتی بن یان مەعنەوی وە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان یان دامەزراوەیەکی تری حکومی مۆڵەتیان پێدراوە حوکمەکانی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە و زێدەڕۆییەکانیان بۆ بە خاوەن ناکرێت.

**ماددەی (٣):**

هەر خانوویەکی زێدەڕۆیی بۆ ئەوەی بەخاوەن بکرێت پێویستە ئەم مەرجانەی تێدابێت:

**یەکەم:** خانووەکە پێش ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٢/٣١) دروستکرابێت.

**دووەم:** خانووەکە کەوتبێتە ناو سنووری شارەوانی.

**سێیەم:** پێویستە ئەو زەویەی خانووەکەی لەسەر دروستکراوە بەپێی نەخشەی بنەڕەتی و نەخشەی کەرتی پەسەندکراو بۆ نیشتەجێ بوون تەرخان کرابێت.

**چوارەم:** زەویەکە موڵکی دەوڵەت بێت جا چ موڵکی تەواو بێت یاخود مافی ڕەفتارکردنی لەسەر بێت.

**پێنجەم:** پێویستە خانووی زێدەڕۆ مەرجەکانی نیشتەجێ بوونی تێدابێت و بە فعلی بۆ نیشتەجێ بوون بەکار بێت.

**ماددەی (٤):**

ئەم حاڵاتانەی خوارەوە مەرجی نێشتەجێ بوونی تێدانیە و بە خاوەنکردن نایگرێتەوە:

**یەکەم:** هەیکەلی خانوو (خانووی تەواو نەکراو) کە بەتاڵ بێت بە ڕەچاوکردنی ماددەی (٧) لە یاسای ژمارە (٧) لە یاسای ساڵی (٢٠٢١).

**دووەم:** حەسار و شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر.

**سێیەم:** کۆگا و پێشانگا (هەرچەندەماڵیشی تێدابێت).

**چوارەم:** باڵەخانەکان بۆ مەبەستی بازرگانی یان نیشتەجێ بوون یان هەر مەبەستێکی تر.

**پێنجەم:** خانوو بێت بەڵام بۆ مەبەستی تر بەکار بێت وەك بارەگای حیزبی و ڕێکخراو و کۆمپانیا و کلینیکی پزیشکی و کۆگا و هەر مەبەستێك جگە لە نیشتەجێبوون.

**ماددەی (٥):**مەرجەکانی کەسی زێدەڕۆکار بریتین لە:

**یەکەم:** خاوەنی ئەو خانووە بێت کە بە زێدەڕۆیی دروستکراوە.

**دووەم:** پێویستە تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.

**سێیەم:** خێزاندار بێت یاخود بەخێوکەری (معیل)ی کەس و کاری تا پلەی چوارەمی خزمایەتی بێت.

**چوارەم:** خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

**ماددەی (٦):**

پێویستە لەسەر خاوەنی خانووی زێدەڕۆیی داوایەك پێشکەش بە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بکات بەمەبەستی بەخاوەنکردن لە ماوەیەك کە (ساڵێك) تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی هەمواری یاساکە لە(٢٠٢١/٩/٩).

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** هەر زێدەڕۆکارێك بۆی هەیە تەنها یەك خانووی زێدەڕۆیی بەناوبکرێت.

**دووەم:** کەسی داواکار و هاوسەرەکەی بەیەکەوە بەیەك حاڵەت هەژمار دەکرێن بۆیە ئەگەر کەسی داواکار خانوویەکی بۆ تملیك کرا ئەوا هاوسەرەکەی بە سوودمەندی ئەم یاسایە هەژماردەکرێت و ناکرێت خانوویەکی تری بەناو بکرێت.

**سێیەم:** ئەگەر خاوەنی خانووەکە لە ژیان نەمابوو ئەوا تملیك دەکرێت بە ناوی میراتگرە شەرعیەکانی یان ئەوانەی بە حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردنی ڕاسپێردراون.

**ماددەی** (٨):ڕووبەری زەوی و نرخەکانی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم-** ئەو زەویەی بە خاوەندەکرێت مەرجە ڕووبەری زیاتر نەبێت لە (٢٠٠)م٢ دوو سەد مەتر دووجا لە ناوەندی پارێزگا و (٢٥٠)م٢ دوو سەد و پەنجا مەتر دووجا لە ناوەندی قەزا و (٣٠٠)م٢ سێ سەد مەتر دووجا لە ناوەندی ناحییە.

**دووەم-**

أ- ئەگەر ئەو زەوییەی زێدەڕۆیی کرابووە سەر لەلایەن شارەوانیەوە جیاکرابێتەوە پێش زیادەڕۆیی کردنە سەری نرخەکەی بە بڕی (٢٥٪) لەسەدا بیست و پێنجی نرخی ڕاستەقینەی زەوییەکە دەخەملێنرێت و زێدەڕۆکاریش بە سوودمەند ئەژمار دەکرێت.

ب- ئەگەر زێدەڕۆکار سوودمەند بووبێت لە دەوڵەت لە کاتی بەخاوەن کردندا بڕی (١٠٪) سەدا دە لە نرخی ڕاستەقینە دەخرێتە سەر نرخی ئاماژە پێکراو لە خاڵی (أ)ی سەرەوە.

پ- ئەگەر ئەو زەوییەی زیادە ڕۆیی کرابووە سەر پێشتر لەلایەن شارەوانیەوە جیانەکرابێتەوە نرخەکەی بە بڕێك دەخەملێنرێت کە لە (٥٪) پێنج لە سەدی نرخی ڕاستەقینەی زەویەکە کەمتر نەبێت لە (١٥٪) زیاتر نەبێت.

ت- هەر زێدەڕۆکارێك خۆی نیشتەجێی خانووە زێدەڕۆیەکە نەبوو و بە بەرامبەر یان بێ بەرامبەر کەسێکی تری تێدا نیشتەجێ بوو لەکاتی بەخاوەنکردندا بڕی (١٠٪) دە لەسەدی نرخی ڕاستەقینە دەخرێتە سەر نرخی ئاماژەپێکراو لە بڕگەکانی (أ و ب و ج)ی ئەم بەندەی سەرەوە بەپێی حاڵەتەکان.

ج- ڕووبەری زیاتر لە ڕووبەری ئاماژە پێکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بە نرخی ڕاستەقینەی باو دەخەملێنرێت بە مەرجێك ڕووبەری زەویەکە لە هەموو حاڵەتێکدا لە پارێزگاکان لە (٣٠٠)م٢ سێ سەد مەتر دووجا و لە قەزاکان (٤٠٠)م٢ چوار سەد مەتر دووجا و لە ناحییەکان لە (٥٠٠)م٢ پێنج سەد مەتر دووجا تێپەڕ نەکات.

چ- ئەگەر ڕووبەری زەویەکە زیاتربوو لەو ڕووبەرانەی کە لە بڕگەی (ج)ی ئەم بەندە هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت دوای وەرگرتنی ڕای پلانسازی لە بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی:

١- ئەگەر ڕووبەری ماوە لە (١٠٠)م٢ زیاتر بوو ئەوا جیادەکرێتەوە تۆمار دەکرێت بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی.

٢- ئەگەر ڕووبەرەکەی کەمتر بوو لە (١٠٠)م٢ یاخود زیاتر بوو بەڵام شێوەی زەویەکە نارێك بوو نەتوانرا سوودی لێ وەربگیرێت وەکو زەویەکی سەربەخۆ بەپێی بڕیاری لایەنە فەرمییە تایبەتمەندەکان ئەوا دەکرێت بفرۆشرێت بە شێوەی جێهێڵراو (متروكة) بەخاوەنی خانووی زێدەڕۆکە پاڵپشت بە ماددەی (٣٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەموارکراو ، وە بە نرخی هاوتا (بدل المثل).

**سێیەم:-**
مافی بە خاوەنکردن ڕەت دەکرێتەوە ئەگەر شوێنی خانووەکە سەرپێچی بوو بۆ ماستەرپلان یان نەخشەی کەرتی و زێدەڕۆییەکەش لادەبرێت لەسەر ئەرکی شارەوانی و زێدەڕۆکار مافی ڕەفتارکردن بە پاشماوەکانی دەبێت و شارەوانی پەیوەندیدار لە سنووری خۆی بە پارچە زەویەکی نیشتەجێ کەڕووبەری لە (٢٠٠)م٢ دوو سەد مەتر دووجا زیاتر نەبێت بەبێ بەرامبەر قەرەبووی زێدەڕۆکار دەکاتەوە.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم: حوکمە داراییەکانی ئەم ڕێنماییە ئەم دوو حاڵەتە ناگرێتەوە:**

أ- کەس و کاری پلەی یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان (دایك و باوك و منداڵ و هاوسەر) دوای هێنانی پشتگیری لەوەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

ب- ئەگەر ئەو کەسەی بۆی تەملیك دەکرێت خۆی کەم ئەندامی سەنگەر بوو دوای هێنانی پشتگیری لەوەزارەتی پێشمەرگە و ڕاپۆرتی نوێی پزیشکی لە وەزارەتی تەندروستی.

**دووەم:** لێخۆش بوون بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە تەنها بۆ کەمترین ڕووبەری دیاری کراوە بەپێی بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی (٢) لە یاساکە، واتا لە سنووری پارێزگا (٢٠٠)م٢ و بۆ سنووری قەزا (٢٥٠)م ٢ و بۆ سنووری ناحیە (٣٠٠)م٢ و لەم ڕووبەرانە زیاتر پێویستە خەمڵاندنی بۆ بکرێت و بەپێی ماددەی (٨) لەم ڕێنماییە ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت.

**ماددەی (١٠):**

هەر کۆمەڵگایەکی نیشتەجێ بوون شارەوانی هەبێت هەمان حوکمەکانی یاساکە تایبەت بەشارەوانی ناحیەکانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت جگە لەو زەوییانەی کە لە بنەڕەتدا بەناوی کۆمەڵگای زۆرەملێ دابەش کراوە.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** ئەگەر ئەو زەویەی زێدەڕۆیی لەسەر کراوە ڕەگەزەکەی کشتوکاڵی بوو و کەوتبووە ناو سنووری شارەوانی و موڵکی دەوڵەت بوو بەڵام مافی رەفتارکردنی کەسانی تری لەسەر بوو یاخود موڵکی تەواو بوو ئەوا بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧) ی ساڵی (١٩٧٠)ی هەموارکراو ئەو زەوییانە مافی رەفتارکردن و موڵکایەتیان هەڵدەوەشێتەوە (حل) دەکرێت و تۆمار دەکرێتەوە بەناوی وەزارەتی دارایی و ئابووری دواتر بەپێی یاسای ژمارە (٨٠)ی ساڵی (١٩٧٠) تۆمار دەکرێت بەناوی شارەوانی و دواتر مامەڵەی دانانی نەخشە و جیاکردنەوەی بۆ دەکرێت بۆ تۆمارکردنی بەناوی کەسانی زێدەڕۆکار.وە لە حاڵەتی ڕوودانی زێدەڕۆیی لەسەر بەشێك لەزەوی بابەتی سەرەوە ئەوا ئەو بەشە جیادەکرێتەوە پاشان هەمان ڕێکارەکانی سەرەوەی بۆ ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی (١٢):**

لەم حاڵەتانەی خوارەوە کەسی زێدەڕۆکار مافی بە خاوەنکردنی نامێنێت:

**یەکەم:** تێپەربوونی ماوەی یاسایی بۆ پێشکەش کردنی داواکاری بە خاوەن کردن.

**دووەم:** پابەندنەبوون بە دانی نرخی دیاریکراو یان خەملێنراو.

**سێیەم:** نەبوونی یەکێك لە مەرجەکانی بەخاوەنکردنی هاتوو لەماددەی (٣)ی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:**

أ- لەسەنتەری پارێزگا: لە سەنتەری پارێزگا لیژنەیەکی باڵا پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی پارێزگار و ئەندامیەتی هەر یەك لە (بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵ و نوێنەری تۆمارکردنی خانووبەرە و نوێنەری وەزارەتی دارایی ئابووری و سەرۆکی شارەوانی ناوەند و بەڕێوەبەری نەخشەدانانی ئاوەدانی).

ب- سەنتەری قەزاکان: لە سەنتەری قەزاکانی دەوروبەر لیژنەی باڵای قەزا پێك دەهێنریت بە سەرۆکایەتی (قائیمقام و ئەندامیەتی سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی قەزا و بەڕێوەبەری کشتوکاڵ و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری و رووپێوی شارەوانی و تۆمارکردنی خانووبەرە و ژمێریار).

پ- کار و ئەرکەکانی لیژنەی باڵا:-

١-ووردبینی کردنی تەواوی ئەو مامەڵانەی لەلایەن لیژنەی لاوەکی بۆیان بەرزدەکرێتەوە.

٢- بڕیاردان لەسەر تەملیك کردن یاخود ڕەت کردنەوەی تەملیك کردن.

٣- پەسند کردنی کۆنووسی خەملاندنی زەوییەکانی زیدەرۆیی لەسەرکراو کەلەلایەن لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە پێک دەهێنرێت لە لایەنە پەیوەندیدارەکان .

٤- بڕیاردان لەسەر قەرەبوو کردنەوە و دیاری کردنی زەوی قەرەبوو.

٥- وەرگرتنی بەهای خەملاندن بەپێی پسوولەی ژمێریاری (٣٧أ).

٦- چاودێری کردن و لێپرسینەوە لەکارەکانی لیژنە لاوەکیەکان.

٧- بڕیارەکانی کۆتایی و یەکلاکردنەوە لەدەسەڵاتی لیژنەی باڵا دەبێت.

**دووەم:**

أ- لەسنوری هەر شارەوانیەك لیژنەیەکی لاوەکی پێکدەهێنرێت بە فەرمانی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی.

ب- کارەکانی لیژنەی لاوەکی بریتی دەبێت لەمانەی خوارەوە.

١- ڕووپێوکردن و سەر ژمێری کردنی تەواوی خانووە زێدەڕۆکانی سنووری شارەوانی پەیوەندار.

٢- ئامادەکردنی فۆرمی زانیاری پێویست بۆ یەکەیەکەی خانووە زێدەڕۆکان و کەسی زێدەڕۆکار.

٣- دیاری کردنی حەرەمی ئەو گوندانەی کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانیەکان بەپێی نەخشەی کادسترۆ کەدواتر بەپێی یاسای ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٢ کاری لەسەر دەکرێت.
٤- دانانی نەخشەی بنەڕەتی و کەرتی بۆ ئەو شوێنانەی بۆیان دانەنراوە.
٥- ئامادەکردنی نەخشەی جیاکردنەوەی شوێنەکە و چەسپاندنی سنووری خانووەکان.
٦- دەرهێنانی وێنەی تۆمار بۆ یەکەیەکەی خانووە زێدەڕۆیەکان.
٧- دیاری کردنی ڕێکەوتی دروست کردنی زێدەڕۆکە و شوێنەکەی بەپێی نەخشە.
٨- گشت کارەکانی هونەری و دانانی نەخشە و دیزاین و دەرهێنان و وێنەی تۆمارەکان نابێت لەماوەی (٢) دوو ساڵ تێپەڕ بکات لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی یاساکە.
٩- لیژنەی بابەت بەرپرسە بەرامبەر بەیاسا لە گشت زانیاریەکانی تایبەت بە خانووی زێدەڕۆ و هەروەها کەسی زێدەڕۆکار کەلە فۆڕمەکە دیاری دەکات.

**ماددەی (١٤):**

ئەو داهاتەی کەلە ئەنجامی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاساکە بەدەست دێت بەم شێوەیە ڕێکدەخرێت:

**یەکەم:** ئەژمارێکی بانکی تایبەت دەکرێتەوە بۆ داهاتەکانی بەدەستهاتوو لە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاساکە.

**دووەم:** ڕێژەی (٧٠٪) حەفتا لەسەد لە داهاتەکە تەرخان دەکرێت بۆ پێویستیەکان و خەرجیەکانی دانانی نەخشە و دیزاینی ئەو شوێنانەی حوکمەکانی یاساکە دەیانگرێتەوە و هەروەها خەرجیەکان و کرێ و پاداشتی لیژنەکانیش لەهەمان بڕ خەرج دەکرێت.

**سێیەم:** ڕێژەی (٣٠٪) سی لەسەد دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی هەرێم بە مەبەستی ئاراستەکردنی بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە حوکمەکانی یاساکە دەیانگرێتەوە.

**ماددەی (١٥):**

کرێی لیژنەکانی باڵا و لاوەکی خەرج دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم:** بۆ هەریەك لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکانی باڵا و لاوەکی بڕی (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار خەرج دەکرێت بۆ هەر مامەڵەیەك

**دووەم:** ناکرێت بڕی خەرج کراو مانگانە لە (٤٠٠.٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار تێپەڕ بکات.

**ماددەی (١٦):**

ئەو خانووانەی کەلەسەردەمی ڕژێمی پێشوو ڕووخاون، زەوی و خانووەکەیان تەملیك دەکرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەکەم:** تێکدانی خانووەکە بەهۆکاری سیاسی بێت.

**دووەم:** تاجێبەجێ کردنی یاساکە شوێنەواری (شوێن خانووەکە) مابێت یان دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) دروست کراونەتەوە.

**سێیەم:** داواکار بە بەڵگەی فەرمی بسەلمێنێت کە خاوەنی شوێن خانووی بابەتە یاخود میراتگری شەرعی خاوەنەکەیەتی.

**چوارەم:** پێشتر هەمان شوێن قەرەبووی پێ وەرنەگیرابێت.

**پێنجەم:** شوێنی خانووەکە بەپێی نەخشە و ماستەرپلان گونجاوبێت بۆ نیشتەجێ.

**شەشەم:** حوکمەکانی بڕگەی (چوارەم) لەماددەی (٣) لە یاساکە (شوێن خانوو) ناگرێتەوە بۆیە ئەگەر شوێنەکەی نیشتەجێ نەبوو بەپێی نەخشە ئەوا قەرەبوو نایگرێتەوە.

**حەوتەم:** تەملیك کردنی شوێن خانوو لەناوەندی پارێزگا تەنها بۆ (٢٠٠)م٢ دەبێت و لە هیچ حاڵەتێك ناکرێت لەم ڕووبەرە زیاتر بێت، و لەناوەندی قەزا (٢٥٠)م زیاتر نەبێت ، و لەناوەندی ناحیە لە (٣٠٠م٢) زیاتر نابێت.

**هەشتەم:** نرخی زەویەکە بەبڕێ (٢٪) دوو لەسەد لە نرخی ڕاستەقینەی زەویەکە دەخەملێنرێت.

**ماددەی (١٧):**

**یەکەم:** حوکمەکانی یاساکە ئەو زەویانە ناگرێتەوە کە موڵکایەتیان یاخود مافی ڕەفتارکردنیان تۆمار بێت بەناوی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان و لەلایەن کەسانی تر زێدەڕۆیی کراوەتە سەر تەنها خۆیان دەتوانن لە حوکمەکانی یاساکە سوودمەند بن بە هەمان ڕێکارەکانی لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

**دووەم:** حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ئەو گوندانە ناگرێتەوە کە کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانیەکان لە ئەنجامی فراوان کردنی سنووری شارەوانیەکان و هەروەها حەرەمی ئەو گوندانەی کە کراون بەناحیەی یاخود شارەوانی کە بەپێی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو خانووە نیشتەجێیانەی دەکەونە حەرەمی گوندەکان لە نێو سنووری شارەوانیەکاندا لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠١٢.

**ماددەی (١٨):**

هەرکەسێك بەپێی حوکمەکانی یاساکە زەوی بەناوی تۆمار بکرێت ئەوا بە سوودمەند هەژمار دەکرێت لەدەوڵەت ئەگەر ڕووبەری زێدەڕۆیەکە زیاتر بوو لەکەمترین ڕووبەری دیاری کراو لە بڕگەی (شەشەم) لەماددەی (٢)ی یاساکە.

**ماددەی (١٩):**

هەر خانووێکی زێدەڕۆ مافی بەخاوەنکردن نەیگرێتەوە بەپێی حوکمەکانی یاساکە یاخود لەماوەی دیاری کراو بۆ کارپێکردنی یاساکە بەخاوەن نەکرێت، ئەوا تۆمار دەکرێت بە پێکهاتەوە بەناوی شارەوانی و دواتر بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-

عێراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢١) دەفرۆشێتەوە و خاوەنەکەی تەنها مافی بەهای دروست کراوەکانی هەیە بەشێوەی شایستەبوون بە تێکدراوی (مستحقة القلع).

**ماددەی (٢٠):**

کار بەهیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە نەگونجێت و هەموو ڕێنماییەکانی بەخاوەنکردنی زێدەڕۆیەکان کە دەرچووە پێش ئەم ڕێنماییە بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێن.

**ماددەی (٢١):**

حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بۆ ماوەی (٣) ساڵ کاری پێدەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی یاساکە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) لە (٢٠٢١/٩/٩).

**ماددەی (٢٢):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**